# پیلانێکی داڕێژراو دژ بەخەڵکی کوردستان بەرێوەیە

سەرەڕای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسدا. بەڵام هیچ یاسۆیەکی ڕوو`ن لەئایندەی دۆخی ناهەمواری ئەمنی و سیاسی و ئابووری عێراقدا بەدی ناکرێت، بەڵکو ڕۆژ بەرۆژ نائومێدی و نیگەرای زیاتر دەبێت بەرامبەر بە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی سیاسی و هێور بوونەوەی توندوتیژی تایەفی و کارە تیرۆریستەکان و ئاوارەبوونی بەلێشاوی خەڵکی عێراق بەرەو وڵاتانی ئەوروپا، ئەمەش نیشانەی ڕەشبینیە لە ئایندەی ئەم وڵاتە، تاکە ناوچەی ئارام و دوور لەپشێوی و کاری تیرۆرستی لەعێراقدا تەنها هەرێمی کوردستانە بەشاهیدی دۆستەکانیگەلی کوردو سەرجەم ئەو وەفدە بیانیانەی سەردانی کوردستانیان کردووە، بەڵام لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەچەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان، گروپە تیرۆریستیە کانی ئەلقاعیدەو ئەنسار سوننە و پاشماوەی کۆنە بەعسیەکان، بەپیلانێکی بە بەرنامە داڕێژراو کەوتوونەتە جموجۆڵ لەسەر سنورەکان و ناوەخۆی شارەکانی هەرێمی کوردستان، گومانی تێدانییە ئەم گروپە تیرۆریستیانە بەهاوکاری مادی و لۆجیستی وڵاتانی دراوسێ ئاراستە دەکرێن و کاری تێکدارانە دەکەن و زەمینەیەکی باشیان بۆ ڕەخسا بۆ تەراتێن کردن بەهۆی ئەو پشێویەی کە دووچاری ناوەخۆی عێراق بوتەوە، هەرسێ کارە تیرۆریستیەکەی شاری هەولێرو دهۆک و مەخموریش کەلەلایەن ئەم گروپانە ئەنجامدراون، کە ترس و دڵە ڕاوکێی لەناو دانیشتوانی خەڵکی کوردستان بڵاوکردۆتەوە کە بووە هۆی شەهیدبوون و بریندداربوونی ژمارەی زۆر لە وڵاتیان و زەرەرو زیانێکی زۆریش بەماڵ و موڵکی وڵاتیان گەیاند، ئەم کارە تیرۆریستیانە پەیامێکی ڕوون و ئاشکرای ئەم گروپانەیە بۆ دەسەڵاتدارانی سیاسی کوردستان و حکومەتی هەرێم و خەڵکی کوردستانیش، هەرکاتێک تیرۆریستان بیانەوێ دەتوانن کاری تیرۆرستی ئەنجامبدەن، نەک تەنها لەبەردەم دام و دەزگا حزبی حکومیەکان بەڵکو لەناو ئاپۆرەی خەڵکی مەدەنی مەدەنی دەتوانن ئەنجامی بدەن،بەڵکو خۆیان جارێ ئەم کارانەیان ڕاگرتووە.

بۆیە ئێستا دەبینین بارودۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابوری و بازرگانی هەرێمی کوردستان جۆرێک لەپێشکەوتن و گەشەکردنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لەڕووی ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانی ژێرخانی ئابووریشەوە هەنگاوی باشی



**هۆشیار عبدالرحمن**

ناوەو چەندین کۆمپانیای بیانیش بۆسەرمایەگوزاری ڕوویان لەکوردستان کردووە، لە ڕووی سیاسی و دیبلۆماسیشەوە چەندین وەفدی سیاسی کوردی سەردانی وڵاتانی ئەوروپی و جیهانی کردووەو لە نزیکەوە بیروڕا ئاڵوگۆڕ کراوەو گوێبیستی داخوازیەرەواکانی گەلی کوردو کێشەکەی بوونە، لەهەوڵێکی دیبلۆماسی نوێدا کەلەچەند ڕۆژی ڕابردوودا کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا ئەنجامیدا، کەچەندین دیدارو چاوپێکەوتنی باشی لێ کەوتەوە، جارێکی تر بەڕێزیان لەبەردەم چەندین پەرلەمانتارانی یەکێتی ئەوروپا، ڕایگەیاند هەر دەستوەردانێک لەکاروباری ناوەخۆی هەرێمی کوردستان و لەمپەر دروستکردنی بۆ دواکەوتنی مادەی (١٤٠) لەدەستوری هەمیشەیی عێراق، کارەساتی گەورەی لێ دەکەویتەوەو هەموو دەوروبەر دەبێ باجی گەورەی بدەن، ئەم پێشکەوتنانە لەهەرێمی کوردستان فاکتەری سەرەکین کە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لای دەوڵەتانی دراوسێ و گروپە تیرۆریتیەکان و شۆڤێنیەتی عەرەبی دروستکردووە، هەر لەم دوایەدا چەندین کۆبۆنەوەو کۆنگرەی ژێربەژێرو نهێنیان دژی ئەزموون و دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان ئەنجامداوە، بەتایبەتی لەچەند مانگی داهاتوودا هەنگاوی مادەی (١٤٠) بەرەو جێبەجێ کردن دەچێت و لەدوا هەنگاودا دەبێ ریفراندۆم بەرەو جێبەجێ کردن دەچێت و لەدوا هەنگاودا دەبێ ریفراندۆم بەرێوەبچێت بۆ یەکلایی کردنەوەی شاری کەرکوک و بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا، بێگومان بایەخی ئەم شارە دەوڵەمەندی کوردستان کە، لەلایەن دنیاو دەوڵەتانی دراوسێ و هەمووعەرەبیشەوە بووەتە جێی بایەخی گرنگی بۆ سامانە نەوتیە ژێر زەمینیەکەی، بۆیە زۆربەی عەرەبەکان لەلێدوان و ڕاگەیاندکانیاندا نایشارنەوە دژی جێبەجێ کردنی مادەی (١٤٠) و هەندێکیشیان داوا دەکەن لەسەرکردایەتی سیاسی کورد کە ئەم هەنگاوانە دوادەخەن بۆ چەندساڵێکی تر بەمەبەستی بارودۆخی ناهەمواری ئاسایشی عێراق بۆیە ئەوەی ماوەتەوە بڵێین بۆ هەر ڕووداو گۆرانکاریەکی نوێ کەپەیوەندی بەئەزمونی گەلی کوردەوە هەبێت، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر مەترسی و هێرشێکی تیرۆرستی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، پێویستە لەسەر دام و دەزگا حزبی حکومیەکان و حزبە کوردستانیەکان بەیەک بەرنامەو پیلانی ئەمنی و زۆر بەهێزو تۆکمە گوتارێکی سیاسی هاوبەش خۆیان ئامادە بکەن، لەسەرجەم میدیاو ڕاگەیاندنەکاندا هاوڵاتیانی کوردستاندا خەڵک هۆشیار بکەنەوەو پەیوەندی بەتین لەنێوان هاوڵاتیان و دام و دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس. بەتین بێت.

## دایکی دوو گەریلا لەو ڕۆژەی ستراسبۆرگ بوو بە شاری کوردان

**عەلی مەحمود محەمەد**

نازانم ئەم گەلە هەژارە بێ کەسە بەم هەموو دوژمنەوە ئەم وزە لەبن نەهاتووەی لەکوێ بوو ؟ ئەی ئەم هەموو باوەڕو سەلیقە و پشو درێژییە سەرچاوەکەی کامەیە ؟ ئەی ئەم هەموو باوەڕ بەخۆ و نەترسان لە دوژمنانە لە کوێوە ڕێچکەی گرتووە ؟ ئەی ئەم هەموو پتەوی لە ڕێکخستن و ئامادەیی لە هەموو کاتێکدا پشت بە چی دەبەستێت ؟.

12ی ئەم مانگە ، لە ١٠ی شەو ناکاو زەنگی ماڵەوە لێی دا ، وتیان حەز دەکەین لە کۆبونەوەی مەزنی ستراسبۆرگ بۆ پشتگیری لە مانگرتووان پشکداری بکەیت . بۆ ١٢ ی شەو لە شاری دەنهاخ ئامادە ببە ، نەگبەتیەکە لەوە دایە من لە زۆر کەس زیاتر ئیدعای کوردستانییەت دەکەم تاکو ئەو چرکەساتە نەمزانی بوو کە ١٨ کەسایەتی کورد لە پێناو تەندروستی ڕێبەرەکەیان 33 ڕۆژ بوو مانیان گرتبوو . داخوا چەند تاکی ئەم گەلەمان ئەو مانگرتنەی بیستبێت ؟ ئەی داخوا چەند وەفدی کوردی سەردانی ئەو ئازیزانەی کردبێت باشە بۆ دەبێت گازندە لە وڵاتانی بێگانە بکەین کە پشتیوانیمان لێناکەن؟! لە کاتێکدا ئێمە بۆخۆمان گەلێک بێن و ئاگامان لە خۆمان نەبێت و نەزانین لەناو ماڵی خۆماندا چی دەگوزەرێت و لە پێناو پشتیوانی یەکتر هیچ لەبارمانا نەبێت .

**من و خەندە و سەرکەوت**

لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەیا کەوتینە ڕێ بەرەو ستراسبۆرگ . هەندێکیان لە هەموو زمانی کوردی تەنها وشەی هەڤاڵ و گەریلا و کورد و بژی و سەرۆکیان دەزانی . وەلێ لە هەستدا خەمی هەموو گەلیان لە کۆڵ نابوو.

ئەو بەیانیانە لە سەحەری زووەوە لەهەموو وڵاتانی ئەوروپاوە ، پۆل پۆل کوردستانیان گەیشتنە ستراسبۆرگ . سەر شەقامەکان لە کورد و ئاڵای پەکەکە و وێنەی بەڕێز ئۆجەلان و تاکەو تاکی ئاڵای کوردستان کە لە لایەن کەسانی وەک ئێمەوە هێنرابوو جمەی دەهات . لەو لاشەوە تاک و تەرای



هاووڵاتییە فەرەنسییەکان لەسەر شەقامەکانی شار دەبینران ، ئەمە ئەو ڕۆژە بوو لە دیرۆکی کوردیدا شەقامەکانی ستراسبۆرگ لەلایەن کوردەوە بە تەواوی کۆنترۆڵکرا بوو.

پەیتا پەیتا جەماوەری تازە دەگەیشتنە شار ، هەموو دنیایەک متمانە و خۆشی بە سیمایانەوە دەبینرا ، کە خۆپیشاندەران کەوتنە ڕێ ، خاتوو ڕوناک ئەحمەد و کورەکەی لە ڕیزەکەی ئێمە ڕێیان دەکرد . باوەر ناکەم کوردی هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان لە چەند دەیانێک تێەری کردبێت لەو دەیان هەزار ئامادە بووە .

ژنێکی باڵا بەرزی ناوقەد باریکی لەسەروی چل ساڵییەوە ، سەرتاپا سەوزپۆش تاکو بڵێیت جوان ، هێشتا پیری دەموچاوی نەکێڵابوو ، سیمای بەرەو لای خۆی نەبردبوو ، ئاڵایەک سێرەنگی بەدەستیەوە . تەنیشتی خۆپیشاندانەکەی گرتبوو ، هەر هاواری دەکرد : هەڤاڵانۆ بچنە ڕیزەوە هەشت هەشت ، جار جارەش ئەمسەرو ئەوسەری ڕیزەکەی دەکرد .

ڕۆژانی پێشمەرگایەتی هاتەوە یادم ، لەکاتی بەرێ کەوتنا فەرماندە سەربازییەکان ، بە تایبەت لە شەوان و لە شوێنە هەستیارەکان ، یاخود لەو کاتانەی بەرەو چالاکی یان لە شوێنی مەترسیدار پێشمەرگە ڕێی دەکرد ، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەیان دەنواند ، ئەو ژنە فۆتە سپی لەسەرە ، ڕێک وەک فەرماندەیەکی بەرپرس لە بزووتنەوەیەک مامەڵەی دەکرد ، ئەوجا بۆم دەرکەوت ئەم ژنە فۆتە سپی لەسەرانە بەناوی دایکانی ئاشتییەوە ، کە ئەم هەموو وزەیەیان هەیە هەر ئا ئەمانەن . پاش ئەنجامدانی کارەکەی هاتەوە ڕیزەکە ، وەک خاوەند خۆپیشاندانەکە هەڵسوکەوتی دەکرد ، جار جارە ئاوری بەهەر چوارلادا دەدایەوە ، دواتر لە پاڵمانا ڕێی کرد و وتی : هەڤاڵانۆ وە خەڵکی کیڤەن ، لە وەڵامدا وتم : من کەرکووک و ئەم خاتوونەش هەڵەبجە ، لە وەڵامدا وتی: سەرچاڤا هاتن ، ئەمن خەڵکی جەزیرەمە و دوو کچم گەریلانە لە چیا ، کە گوتی دوو کچم گەریلایا زۆر شانازی بەخۆیەوە کرد ، باڵای بەرزتر بوو لە پێش چاوم ، سەری تێکەڵ بەخۆرەتاوەکە بوو ، کە ئەو متمانەیەم لەو بینی و کە ئەو هەموو تانکەی سەر سنوور هاتەوە پێش چاوم و کە هەواڵی ڕۆژانەی شەهید بوونی گەریلا هات بە بیرمدا ، چاوەکانم لە ئاست ئازایەتی ئەو ژنە پڕ بوو لە فرمێسک ، خۆم لە ئاستیا نەگرت و هەڵاتم ، ئەوکاتە زانیم ئەو گەلە کە دایکانی ئاوایان هەیە ، ئەم ئازایەتی و ورە بەرزیەشیان هەر لەوێوە هێناوە ، بۆیە هیچم بۆ نەمایەوە جگە لەوەی بڵێم بە خۆڵی ژێر پێڵاوەکانتان بم دایکانی ئاشتی ، دایکانی کورد و کوردستان و مرۆڤایەتی ، دایکانی گەریلا.

# یادکردنەوەی بۆ نەکان و گرنگی لای کۆمەڵ

**شیلان عبداللە**

گەر گەشتێک بەنێو ڕۆژمێری ساڵدا بکەین جائەو ڕۆژمێرە کوردی بێت یاخود زاینی یان کۆچی بێت ئەوا بێگومان لەساڵ ڕۆژی هەر یەکێکیاندا کۆمەڵێک بۆنەی نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئاینی و لەدایک بوون یاکۆچی دوایی چەند کەسایەتیەکی ناوداری تێدایە لەو ڕۆژەدا یادی دەکەینەوە. ئەم ڕۆژە بەبیری نەوەی نوێ دەهێنێتەوە و تایبەتمەندی گرنگی و پیرۆزی ئەم ڕۆژە لەبەرچاو دەگیرێ. بەڵام وەک دەبینین ڕۆژبەرۆژ لەهەرێمی کوردستان یادە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان هیچ بەهاو گرنگیەک لای کۆمەڵ دروست ناکات کەبەواتای وشە تایبەتمەندیەکی ڕەهای هەبێت بۆهەر یادێک وەک ساڵانی ڕابردوو خزمانی بۆ ئامادە ناکەین و بەگروتینێکی کوردانەوە بەپیر ئەو یادەوە ناچین، کەمافێکی تەواو پڕاوپڕ بدات بە بۆنەکە. گەر ئاورێک لەساڵانی ڕابردوو بدەینەوە کەلەکاتی یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە خۆش و ناخۆشانەی کەبەسەر گەلی کوردا هاتووە زۆر جیاوازترە لەئێستا بۆ نموونە یادی ڕاپەڕینە مەزنەکە کەهەموان بەڕۆحێکی نەتەوەیی و نیشتمانیەو بەشداریمان تێدا دەکرد. نەک بەتەنیا یادی ڕاپەڕین چەندان بۆنە هەن کەبێ گرنگی پێدان بەرێ دەکرێ لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا بۆچی لەئێستادا ئەو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانیە گرنگیەکی ئەو تۆی پێ نادرێت لەلای کۆمەڵ بەپێچەوانەوە لەجیاتی خۆشحاڵی نیگەرانییەرامبەر دەردەبرێت هیچ کات ئامادەنیە کەبە وشەی بریق و باق و سەرزارەکی یادەکە بەرێ بکرێ گەر کرداری لەگەڵ دا نەبێت، نەک هەر ئامادە نابێت یادی بکرێتەوە بەڵکو خۆشیان لەو یادە بەدوور دەگرن. دەتوانم بڵێم کاریگەری سەرەکی ئەم پاش گەزبوونەوەیە و خۆ بەدوور گرتن و دژ وەستانەوەی دەگرێتەوە بۆ دوو هۆ یەکێکیان تەنها لەم ڕۆژەدا یادەکە بەبیر نەتەوەکە دەهێنێتەوە دواتر فەرامۆش دەکرێن، دووهەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەهەرسێ جۆرەکەیەوە کە هۆکاری سەرەکین بۆ گەیاندنی پەیامی بۆنەکان و ڕوونکردنەوەکان بۆ خەڵک بۆ نموونە چەندین جەژنی جیهانیمان هەیە کە بەهەمان شێوە بەرێ دەکرێ وەک جەژنی جیهانی کرێکاران کەئەم چینە لەم ڕۆژەی خۆشیاندا هەر وەک ڕۆژەکانی دی بەرێ دەکرێن هەروەها ڕۆژی جیهانی ژنان کەئەم ڕۆژە بەڕۆژی ژنان ناسراوە بەڵام لەهەمان کاتدا لەم ڕۆژە دا ژن دەچەوسێتەوە و تیرۆر دەکرێن لەمافەکانی بێ بەش دەکرێن و لەخۆشیەکانی ژیان نائومێد دەبێت، یادێکی دی کەزۆر گرنگە ئەویش جەژنی جیهانی منداڵانە



کەهەر تاکێکی کورد یان منداڵێک کەلەناو کۆمەڵگەی کوردیدا گەورەبوو بێ بێگومان بێبەش نیە لەنەهامەتی و چەوسانەوەیکانی ژیانیان کە دەرهەق بەگەلی کورد کراوە لەم ڕۆژەدا نەک هەر بەسەریان ناکەینەوە بەڵکو دیارییەک وەک پیرۆزی یادەکە پێشکەشیان ناکرێت و بگرە لەهەمان کاتدا دەخرێنە بەکار بۆ بژێوی ژیان و لەخوێندن پێ بەری دەکرێن، چەندان یادی جیهانی هەن کەچەندی لێ بدوێی هێشتا هەر کەمن کە بە یادی مێژووی نەتەوەیی و نیشتمانی مرۆڤایەتی و مرۆڤایەتی ناسراون بەڵام بەها بنەڕەتیەکانی یادەکان شێواندن و شێوازی تایبەتی خۆیان وون کردووە، بۆ دۆزینەوەی ئەو چەملە ناسراوا تایبەتانەی کەبۆ بۆنە دانراون دەبێت بۆ چەنس ساڵێک یاسەدەیەک بگەڕێنەوە پەرتووکێک پێک بهێنرێت لەسەر چۆنیەتی و ڕاستی ڕووداوەکە.